## یەڵدا عەباسی:

# ئافرەتانی کورد دەتوانن داهێنان لە مۆسیقادا بکەن



کوردانی خوراسان سەرەڕای سەختی بارودۆخی ژیانیان لە هەموو روویەکەوە توانیویانە هونەر و کەلتووری رەسەنی خۆیان پەرەپێبدەن و بیپارێزن، هەروەها لە رووی ئەدەب و شیعریشەوە دەستێکی باڵایان هەبووە، یەکێک لەو هونەرمەندانە (یەڵدا عەباسی)یە کە لە خانەوادەیەکی هونەردۆست پەروەردە بووە، هەرچەندە خوێندنی یەڵدا تا رادەیەک لە هونەرەوە دوورە، بەڵام ئەو توانیویەتی پەرە بە هونەرەکەی بدات و بە هاوکاری دایکی ببێت بە یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکان لەنێو کوردانی خوراسان و جگە لە گۆرانیوتن و ژەنیاری یەڵدا لە نواندنیشدا جێدەستی دیارە.

یەڵدا لەدایکبووی شاری شێروانەو لەتەمەنی پێنج ساڵیدا بەشداری لەنواندندا کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ: بەر لە شۆڕشی ئیسلامی دایکم لە رادیۆ و تەلەفزیۆن کاری دەکرد، یەکەم ئەزموونی هونەریم لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو، ئەویش فیلمێکی مۆسیقی بوو لەدەرهێنانی دایکم، دواتر لەتەمەنی یازدە ساڵیدا رووم لە ژەنینی ئامێری دووتار کرد لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بە توانا لەو بوارە وەك ماجد ئەحمەد و هەردوو برا رەمەزان و مامۆستا فەرید، ئێستا لە ژەنینی ئەم ئامێرە و سوپاس بۆ خوا کە تێیدا سەرکەوتووم، لەمەشدا رۆڵی سەرەکی بۆ دایکم دەگەڕێتەوە کە رێگای پێنیشاندام و هاوکاری کردم و تا ئێستاش بەردەوامە لە هاوکاری کردنم، هەروەها ناکرێ رۆڵی باوکیشم لەیاد بکەم.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بواری مۆسیقا یەڵدا دەڵێ: مۆسیقای کۆن و رەسەنی لەخوێنمدایە و من لەگەڵی ژیاوم، بۆیە بواری مۆسیقام هەڵبژارد لە نێو چەندین بواری دیکە، هەروەها هەوڵدەدەم لە رێگای هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەڤەرەکەم بپارێزم و پەرەی پێبدەم، چونکە جەماوەری ئەم مۆسیقایە زۆرە لە نێو کوردانی خوراسان و هونەرمەندانیش خەبات دەکەن لەم پێناوەدا، هەروەها وەك کچێك سەرەڕای ئاستەنگەکان دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە ئافرەتی کورد لە بواری هونەردا دەتوانن داهێنان بکەن، دیارە ئاستەنگی زۆر بۆ ئافرەتان دروست دەبێت لە بواری هونەر وەك پێنەدانی مۆڵەتی گۆرانی وتن بە تەنیا و چەندین ئاستەنگی دیکە، بەڵام دەتوانن بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بدەن و لەگەڵ هونەرمەندە مەزنەکان گۆرانی بڵێن. دەبێ ئەوەش باس بکەین کە زۆر لە ئافرەتان هەن توانیویانە لەگەڵ گرووپە هونەرییەکان شان بە شانی پیاوان کاری مۆسیقا بە باشی ئەنجام بدەن و شوێن پەنجەیان دیارە.

پاراستنی کەلتوور و زمانی کوردی یەکێك بووە لە کارە سەختەکانی کوردانی خوراسان لەم بارەوە یەڵدا دەڵێ:- لە ئاهەنگ و زەماوەندەکان گۆرانی و موزیکمان بە زمانی کوردی بوو، ئەمەش رۆڵێکی باشی هەبوو لە پاراستنی زمان و هونەر و کەلتووری خۆمان بە درێژایی ئەو ماوەیە تا بە ئێستا دەگات، ماوەیەکی زۆر لە نووسین بە زمانی کوردی دابڕا بووین، بەڵام ئێستا نووسین بە زمانی کوردی دووبارە پەیدا دەبێتەوە، هەروەها ئافرەتانمان کە فەرش و جلوبەرگ و کەلوپەلی ماڵەوەیان دروست کردووە هەموویان مۆرکی کوردییان پێوە بووە بە جۆرێك وای لێهاتووە جلوبەرگ و کەلوپەلەکانمان لە ناوچەی خوراسان ناسراو بوون، بە شێوەیەکی گشتی سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا هاتۆتە پێشمان، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك توانیمانە هونەرو کەلتووری رەسەنی خۆمان بپارێزین و لەپێشخستنی بەردەوام بین.



لەکۆتاییەکانی ساڵی رابردوو ناوەندی کەلتووری و هونەری ڤەژین خەڵاتی بەرووی زێڕینی ساڵانەی خۆی بەخشییە یەلدا لە میانەی ئاهەنگێك کە لە شەوی یەڵدا لەشاری مەریوان سازکرابوو. لەو رێوڕەسمەدا نووسەر، شاعیر، چالاکانی کەلتووری و هونەریی ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە تا ماکۆ بەشدار بوون. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە، یەڵدا عەباسی رایگەیاند، زیاتر کار لەسەر پەرەپێدانی کەلتوور و هونەری کوردی دەکات.

ناوەندی ڤەژین، شەش ساڵە خەڵاتی بەرووی زێڕین کە هێمای خۆڕاگرییە دەداتە کەسێك کە زیاترین رۆڵی لە گەشەپێدانی کەلتوور و هونەری کوردیدا هەبێت. هەروەها لەم رێوڕەسمەدا رێز لەو کەسانە گیرا کە لە کۆڕی شەوی یەلدای ئەمساڵدا، بابەت و شیعر و... هتدیان پێشکەش کردبوو، لەلایەن ناوەندی ڤەژینەوە رێزنامەی تایبەتیی کۆڕەکەیان پێ بەخشرا.

لە ساڵانی رابردوودا هەریەك لە عوسمان هەورامی، هادی زیائەدینی و جەلال مەلەکشا ئەم خەڵاتەیان بردۆتەوە.

لە بنارەکانی زاگرۆسدا بەروو رەمزی مانەوە و خۆڕاگری و بەهێزبوونە.



# ناوی کوڕەکەی کارینا هندۆسەکان نیگەران دەکات

سالّی پار خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندی کارینا کاپوور ژیانی هاوسەری لەگەڵ سەیف عەلی خان پێکهێنا و بەر لەچەند رۆژێك کوڕێکیان بوو و ناویان نا تەیمور خان، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ناوی کوڕەکەی بەشێك لە راگەیاندنەکانی هیندستان بەتایبەتی هندۆسەکان خۆشییەکانیان لێی تاڵ کرد.

راگەیاندنەکان بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە هیندۆسە توندڕەوەکانن هێرشێکی توندیان کردە سەر کارینا بەهۆی ناوی کوڕەکەیەوەو رایانگەیاند کوڕەکەی کارینا (تەیمور خان)یان بە بیر دەهێنێتەوە کە یەکێکە لە سەرکردە موسڵمانەکان گوایە رۆڵی هەبووە لە لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری هندۆسەکان لەو جەنگانەی لە نێوان موسڵمان و هندۆسەکان روویانداوە، بۆیە هندۆسەکان زۆر هەستیارن بەم ناوە و تا رادەیەکی زۆر تووشی شۆك بوون لەو کارەی کارینا و هاوسەرەکەی.

لەلایەکی دیکەوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو هێرشەی میدیا هندۆسەکان کارینا و سەیف رایانگەیاند کە ئەم ناوە هیچ باکگراوەندێکی مێژوویی نییە کە پێوەندی بە ئایینەوە هەبێت، بەڵکو هەردووکیان ئەم ناوەیان پێ باش بووە و هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە خۆمان بە ئەکتەری هەموو هیندییەکان دادەنێین بەبێ جیاوازی .

شایەنی باسە بەهۆی ناوبانگی کاریناو هاوسەرەکەی میدیاکانی هیندستان گرنگییەکی زۆریان بەم بابەتە داوە، بەتایبەتی دوای راگەیاندنی ناوی کوڕەکەیان.



# کچەکەی فەیروز بەرگری لە دایکی دەکات



ڕۆژنامەی (سەفیر)ی لوبنانی بڵاوی کردەوە کە دادگایەکی لوبنانی بڕیاریداوە فەیروزی خانمە هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی سزا بدات بە پێدانی بڕی زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە سێ کەس لە لوبنان و ئەمریکا بەهۆی ناکۆکییەکی نێوانیان دەربارەی سازکردنی ئاهەنگێکی گەورە لە ناوچەی کونیتیکت لە ئەمریکا.

لەم بارەوە خانمە دەرهێنەری لوبنانی ریما ڕەحبانی کە کچی (فەیروز)ـە، بێدەنگی خۆی شکاند و ئەم کێشەیەی بە فیلمێکی ئەمریکی – ئیسرائیلی وەسف کرد. ریما لە ئەکاوەنتی خۆی لەفەیسبووك نووسیویەتی: ئەمە فیلمێکی ئەمریکی- ئیسرائیلی درێژە، لە ئەمریکا نەبێت لە هیچ شوێنێکی دیکە درووست نابێت، هەتا نەیبینن نازانن چەند ئاشکرایە کە چۆن درووستکراوە؟

ریما هەروەها دەڵێت: کاتێك ئێمە لە ئەمریکا ئاهەنگمان پێشکەش دەکرد، لەناکاو کەسێك دەرکەوت کە ئێمە نایناسین و لە ژیانماندا نەمانبینیوە و پێی وتین من بەڵێنم پێدراوە کە فەیروز لەگەڵ خۆ ببەم بۆ ئەمریکا بۆ سازکردنی ئاهەنگێك بێ ئەوەی بزانین ئاهەنگی چی و چۆن و بۆچی و بۆ کێ و بەپێی چ بەڵێنێك؟ ئەمانە هەموویان درۆ بوون درووستی کردن و تەنیا خۆی دەزانێت.

لەکۆتاییدا ریما دەڵێ: ئێستا کە ئێمە لەکۆتاییەکانی ٢٠١٦داین دووبارە دەرکەوتۆتەوەو فیلمەکە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئێمە دڵنیاین کە دادگای لوبنانی دەتوانێت ڕاستییەکان دەربخات و حوکمی ڕاست دەربکات.



# جنیڤەر لۆرانس: لەپێناو خۆشەویستی واز دەهێنم

خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی جنیڤەر لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ بەرنامەی گوود مۆرنینگ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە سەرکەوتنی نوێترین فیلمی خۆی کە بەناوی (passengers) کە لەگەڵ کریس برات ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت و یەکێکە لە فیلمە سەرکەوتووەکان کە داهاتێکی زۆری کۆکردۆتەوە.

جنیڤەر هەر بەم بۆنەیەوە سوپاسی هەموو ئەو وڵاتانەی کرد کە فیلمەکەی تێدا نمایش کراوە لە ئەورووپا و ئاسیا، هەروەها لە میانەی دیمانەکەدا باسی لە ژیانی تایبەتی خۆیشی کردو لەم بارەیەوە وتی: من تا ئێستا کەسێکم نەدۆزیوەتەوە کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك بهێنم و هیوادارم لە زووترین کاتدا بتوانم ئەمە بکەم و ئەو کاتیش ئامادەم واز لەکارو ناوبانگ و سەروەت و سامان بهێنم لەپێناو خۆشەویستییەکەم و ئەو کەسەی خۆشمدەوێ، نامەوێ ئەمەش بشارمەوە کە ئێستا لەپێوەندییەکی خۆشەویستیدام لەگەڵ دەرهێنەر مارك لارنوڤێتش، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی هاوسەرێتی.

پێشتر چەند سەرچاوەیەکی هونەری ڕایانگەیاندبوو کە جنێڤەری تەمەن ٢٦ ساڵ بە نهێنی پێوەندی خۆشەویستی هەیە لەگەڵ دەرهێنەر دارین ئارنۆڤسکی کە ٢٣ ساڵ لە خۆی گەورەترە دوای ئەوەی لە کارێکی هونەریدا بەشدارییان کرد و چەندین جار میدیاکان وێنەکانیان بڵاوکردۆتەوە.



# ناومی واتس

## سەرەڕای ئاستەنگ و گرفتەکان لە سەرکەوتن بەردەوامە

ناومی واتس لە ساڵی ١٩٦٨ لە دایکبووە و تا ئێستا لە دەیان فیلمدا رۆڵی سەرەکی بینیوە و گرنگترین فیلمەکان (٢١ خۆشەویستی) و فیلمی (کینگ کۆنگ) جگە لە دەیان زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و چەندین جار پاڵێوراو بووە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتە سینەماییە گرنگەکان وەك خەڵاتی ئۆسکار و سەندیکای ئەکتەرانی شاشە وەك باشترین ئەکتەر و گۆڵدن گلۆب بۆ باشترن ئەکتەر و دراما، لە زۆربەی ئەو فیلم و زنجیرە دراماینەی بەشداریی تێدا کردووە رۆڵی کەسایەتییە راستەقینەکانی بینیوە وەك کەسایەتی شازادە دیانا و ڤالیری بلیم و هیلین گاندی و ماریا بینیت، ساڵی ٢٠٠٢ گۆڤاری بیبول نای خستە نێو لیستی جوانترین ئەکتەرەکانی هۆلیۆد بە هۆی سەرکەوتنی لە رۆڵەکانی لە ساڵی بوو بە باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نیاز پاکی و بەرنامەی هاوبەشی قەڵاچۆکردنی ئایدز بەتایبەتی لە بوار وشیار کردنەوەی خەڵك لەم نەخۆشییە.

**● دوای یازدە ساڵ لە خۆشەویستی لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە**

خۆشەویستی و ژیانی هاوسەریی نێوان ناومی واتس و ئەکتەری ناسراو لیف شریبەر بە یەکێک لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی نێوان هونەرمەندان دادەنرێت، چونکە زیاتر لە یازدە ساڵی خایاند و لە ساڵی ٢٠٠٥ پەیوەندییان هەبووبێ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێک بهێنن، بەڵام لە ناکاو هەردووکیان لە بەیاننامەیەکدا جیابوونەوەیان راگەیاند، لە بەیاننامەکەیاندا هاتبوو: باشترین رێگا بۆ ئێمە وەک خێزان ئەوەیە کە وەک هاوسەر جیاببینەوە، ئەمەش تا رادەیەک مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ چاودێرانی هونەری، هەر لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتبوو: هەوڵ دەدەین بە رێز و هاورێیەتی وخۆشەویستییەکی زۆرە لە دڵمانەوە منداڵەکانمان پەروەردە بکەین و دۆزینەوەی قۆناغێکی نوێی ژیانمان، هەروەها داوا دەکەین تایبەتمەندییەکانی ژیانمان پارێزراو بێت لەپێناو منداڵەکانمان.

جیابوونەوەی ناومی و لیف دوای ماوەیەک لە جیابوونەوەی ئەنجلینا جۆلی و براد بێت دێت و زۆر لە چاودێران هەردوو رووداوەکانیان پێکەوە بەستەوە، سەرەڕای جیابوونەوەشیان بڕیارە ناومی و لیف بەشداری لە شانۆگەرییەکدا بکەن کە شانۆکانی برۆدوای نمایش دەکرێ.

دوای جیابوونەوەیان لە یەکەم لێدوانی بۆ گۆڤاری (The Daily Telegraph Australia) سەبارەت بە ژیانی تازەی ناومی رایگەیاند: هەست دەکەم کە ژیانم لەو ماوەیەدا زۆر باشە، تەنیا دەمەوێ دڵنیا بم لە ژیان و تەندروستی منداڵەکانم و لەوەی کە دڵخۆشن و تووشی هیچ ئاستەنگ و گرفتێک نابنەوە، ئەمە تاکە هیوای من هەموو لایەکمانە، هەر لەم بارەوە ناومی دەڵێ: پێموایە ئەگەر تۆ کەسێکی بەناوبانگ بیت یان نا ئەوا گۆڕانکارییەکان لە رێڕەوی ژیاندا تا رادەیەک ترسناکن، چونکە من هەست بەوە دەکەم کە گۆڕانکاری هەمیشە ترسناکە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە نوێیە و پرسیاری ئەوەت لا درووست دەبێت کە کاروبارەکان چۆن بەڕێوەدەچن، تەنانەت بڕیارە بچووکەکانیش پێویستییان بە بیر کردنەوەی زیاتر دەبێت.

**● رۆڵی شازادە دیانا**

یەکێک لە رۆڵە سەرنجراکێشەکانی ناومی رۆڵی شازادە دیانا لە فیلمێک کە بەناوی (Diana) و باسی لە دوو ساڵی کۆتایی ژیان ئەو شازادەیە دەکرد لەوانەش پەیوەندی لەگەڵ حەسنات خان کە پزیشکێکی ناسراوی دڵە دوای جیابوونەوەی لە شازادە چارلز.

لە بارەی فیلمەکە ناومی دەڵێ: من هەست بە شانازییەکی زۆرەوە دەکەم کە هەڵبژێردراوم بۆ ئەم رۆڵە، چونکە لە سەرتاسەری جیهان دیانایان خۆشدەوێ، من هەمیشە هەوڵ دەدەم ئەو رۆڵە بە تەواوی ببینم لە سینەمادا.

زۆر لە چاودێران پێشبینییان دەکرد فیلمەکە لە هەموو رووییەکەوە سەرکەوتنێکی بێ وێنە بەدەست بهێنێت، بەڵام لە یەکەم هەفتەی نمایشکردنیدا بە یەکێک لە فیلمە ناسەرکەوتووەکان هەژمار کرد و لە کۆتایی لیستی ئەو فیلمانەدا هات کە زۆرترین قازانجیان کردووە و دوای نمایشکردنی لە ٣٨ هۆڵی سینەمایی توانیی تەنیا بڕی (٦٤،٩) هەزار دۆلار کۆبکاتەوە و لە ریزبەندی ٣٤مین هات، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لای ناومی درووستکرد.

**● ناومی بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە**

لە لێدوانێکی سەیر و سەمەرەدا ناومی ئاشکرای کرد کە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بە جددی بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە، لەم بارەیەوە ناومی بە گۆڤاری (تاتش)ی ئەڵمانی راگەیاند: من هەمیشە هەوڵمدەدا رۆڵێکی باشم لە بواری نواندندا هەبوو، بەڵام ئەو کات ئەم دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، بۆیە کاریگەرییەکی زۆر سەختی لەسەر ژیانم هەبوو بە جۆرێک نەمتوانی بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرم، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە خۆم لە شوێنێکی بەرزەوە هەڵدەمە خوارەوە، بەڵام ئێستا ئەم بابەتە زۆر گرنگی نەماوە لە ژیانی بۆیە ئێستا هەموو گرنگیک بە ژیانی خێزانم دەدەم، لەبەر ئەوەی هەموو رۆژێک هەوڵ دەدەم کارێکی باش ئەنجام بدەم بەتایبەتی لەبارەی دایکایەتی سەرکەوتوو بم.

**هەست بە شانازییەکی زۆرەوە دەکەم کە هەڵبژێردراوم بۆ ئەم رۆڵە، چونکە لە سەرتاسەری جیهان دیانایان خۆشدەوێ، من هەمیشە هەوڵ دەدەم ئەو رۆڵە بە تەواوی ببینم لە سینەمادا**

**هەمیشە هەوڵمدەدا رۆڵێکی باشم لە بواری نواندندا هەبوو، بەڵام ئەو کات ئەم دەرفەتەم بۆ نەرەخسا، بۆیە کاریگەرییەکی زۆر سەختی لەسەر ژیانم هەبوو بە جۆرێک نەمتوانی بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرم، بۆیە بیرم لەوە کردووە کە خۆم لە شوێنێکی بەرزەوە هەڵدەمە خوارەوە**